# پشتگوێخستن و ئانارشیزم ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

بە سەرنجدان لە ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ڕانیەو کەلارو بۆڵەبۆڵ و گلەییەکانی خەڵك لە گەندەڵی دام و دەزگاکانی حکومەت و بەرزبوونەوەی کێرڤی ئەم نارەزایەتیانە، حەزمکرد بچمەوە قوڵایی ئەو باسەی کە تیرۆر بەرهەم دێنێ و هەندێ ووردەکاری بەرچاو بخەم و ئەو هۆکارانەش ڕوون بکەمەوە کە تیرۆر ئەخوڵقێنێت و فەزای گشتی ئەخاتە حاڵەتی ترس و قەلەقەوە ئەگەرچی بەشێکی سەرەکی ئەم ووتارە پێشتریش لە کوردستانی نوێدا ئاماژەم پێ کردوەو ناکرێت چیتر دەسەڵات ئاگای لەو رەخنانە نەبێت کە ڕۆژانە ئەنوسرێن و ئەوترێن و ئەوەندەش ڕەخنە بێنرخ نەکرێت کە وابکات شەبەقەکانی نێوان گەل و دەسەڵات گەررەتر بن.

کە ئەوترێت تیرۆر بەدرێژایی مێژوو بەدەمامکی جیاوازەوە هەمیشە هەبوەو خاوەنی کاراکتەرو پیاوی خۆی بوە، هەمو کتێبەئاسمانیەکانیش لەنێوەندی تێکستەکانیاندا ئاماژە بەحاڵەتی کوشتن وغەدر ئەکەن ودواجارسزاوعیقابەکەشی بۆ بکەری تاوانەکە ئەخاتەرو تا مرۆڤەکان لەخراپی ئەم کارە ئاگادار بکات، قورئان ئەفەرموێ (من قتل نفسا بغیر نفس اوفساد فی الارض فکانما قتل الناس جمیعا) کەواتە بۆخۆی کوشتن حاڵەتێکی سروشتی ئینسان خۆیەتی ولەباریدا هەیە تاوان وخراپەکاری ئەنجام بدات، باشە کێ قابیلی فێرەکوشتن وتیرۆر کردوحەزێکی شەهوانی شەرانی لا دروست کرد کە هابیلی برای بکوژێو زیندە بەچاڵی بکات،لەکاتێکدا باوکی یەکەمین دروسکراوی سەر زەوی بوو؟ بێگومان دیاردەی حساب بۆ نەکردن و خۆشەویستی لایەك بوو بەسەر لایەکی ترو کوڕێك بەسەر کوڕێکی ترو گوندێك بەسەر گوندێکی ترو تا شارێك بۆ شارێکی تر، ئەم جیاکاری و جیاوازخوازیە ئەوەندەی نزیکمان ئەکاتەوە لە ڕقی جەماوەر ئەوەندە نامان بات بۆ خۆشەویستی خەڵك، ڕق هەستانی جەماوەرو پێکدا هەڵپژانەکان سەرجەمیان زادەی نەبوون و غیابی حیکمەتی دەسەڵاتە بۆ کێشەکان و نەبینینی حاکم بۆ پێداویستیەکانی مەحکوم و ڕاعی بۆ ڕەعیەت و شێخ بۆ موریدو کوێخا بۆ ڕەنجبەرو شوان بۆ پەزو تد، کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەك نەبوونی ئەو پردی لێك حاڵیبوون و تێگەشتنە حیکمەتدۆستانەیە.

لەزەت ونەریتی کوشتن تێکەڵاوە لەگەڵ گۆشت وخوێن ونهێنیە دەرونیەکانی ئینساندا،کوشتنی خەلیفەکانی ڕاشیدین وئەصحاب و وزۆرێك لەپیاوە ئاینی وقەشەو پاپاوئەمیرەکانی دنیای ئیسلام ومەسیحی وگاورو جوەکان بەشمشێرو بەرێگەی نامەشروع یەکێکە لە (کبائر) گوناهە گەورەکان، ئەم نەریت وحەزە شەرانگێزە کێ دروستی کردو کێ بەرهەمی هێنا؟ کوشتنەکان ئینسان خۆی دروستکەریەتی نەك بەرنامە خوداوەندی و تیۆکراتیەکان، کوشتنی( هابیل)لەلایەن براکەیەوە، خەلیفەکانی ڕاشدین، ئیمامی عومەرو عەلی و عوسمان بەدەستی مرۆڤە ئاینیەکان، حەسەن و حسین لەلایەن یەزیدو گروپەکەیەوە تا دەرمانخوارد کردنی ئیمام موسای کازم و تا کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکانی ئێستاو گورپەکەی زەرقاویی، سەرجەمیان لە ئیبداعەکانی مرۆڤن و مرۆڤیش بەرپرسیەتی.

لەڕاستیدا تیرۆر شتێکی بەرجەستەو حازربەدەست نیە بەڵکو حاڵەتێکی مەعنەوی‌وکارکردێکی دەرونیەومرۆڤەکان لەناخی خۆیاندا گەڵاڵەی دەکەن وشوێن وکاتی دیسپلینکراوی بۆدائەنێنن ودواجار تیرۆرو ڕەشەکوژی و ئاژاوەی لێ ئەکەوێتەوە، بەڵام پەرەسەندنی تیرۆر لەفەزای داخراوی تاکەوە بۆفەزای گشتی وداخل بونی بۆنێو پرۆژەیەکی سیستماتیزەکراوی ترسناك وادەکات کۆی حەزو ناخە شەرانگێزیەکان لەم دیدەتاریك وپرۆژە سیاسیە ناشیرینەوە لەدایك بێ کە ئەمەش وەك ئایدۆلۆژیایەکی بان ئاینی وناسیۆنالیش خۆی ئەناسێنێ، ئەبێ ئێمە لەبەرانبەر تیرۆرو پیاوەکانی لەبیرمان بێت دوچاری حاڵەتی شۆك ودەهشەت نەبین وئەوان کەکارێکی لاعەقڵی ودیدێکی تاریك ونادادگەرانە مومارەسە ئەکەن، ئەوە هیچ نیە جگە لەکەفوکوڵێکی عەفەوی وراگوزەری ئینسانی، ناکرێت حکومەت ودەوڵەت بەهەمان ڕەزم جێپێیان هەڵگرێ کە دواجار تیرۆری دەوڵەت(ارهاب الدوله)ی لێ ئەکەوێتەوە، چونکە ئیرهابی دەوڵەتی زۆر شت ئەگرێتەوە، کە سادەترینیان ڕەنگە کوشتنی دەنگێکی ئازادیخوازانە بێت کە دەیەوێت بڵێت من هەم و حکومەت تۆ نیت؟ ئاخر ئەگەر حکومەت وەڵامی نەبێت بۆ ئەم هاوارو ناڵەیە ئەوا خێرا بە میکانیزمی خۆی سەرکوتی ئەکات و بەمەش بەفعلی شکستی خۆی ڕائەگەیەنێت، زیندووترین ئیدارەی دەوڵەتیانە ڕەنگە وەستابێت لەسەر ئەوەی تا چەند هاوارو ڕەخنەکان وەر ئەگیرێن، لەم ڕووەوە ئەبێت حکومەت ئالیەتی پێدانی مۆڵەتدانەکانی خۆی بۆ خۆپیشاندانێك بگۆرێت.

یەکێ لەئامانجەکانی تیرۆری فەردی ئەوەی زەرقاوی و تاقمەکەی ئەیکەن ڕاکێشانی دەوڵەتە بۆنێوفەزای تاك وگۆڕەپانە تاریك وناعەدالەتەکەی خۆی، وەپیاوەکانی تیرۆرگەراش سەر بەفیترەتی سروشت وئاین وکەونن،مرۆڤ بۆخۆی کائینێکی عەجیب وغەریبەو بەسزایەکی ئیلاهی و گوناهی خواردنی سێوێك هێنراوەتە سەر زەوی‌و خەلق کراوە، تواناوخەللاقیەتێکی لەڕادە بەدەری هەیە بۆ کوشتن وماڵوێرانی وتێکدانی باری ئارامی، لەرووی سایکیەوە گەر سەیری مرۆڤ بکەیت هیچ نیەجگە لەئالەتێکی کارتێکراو،دەرونی مرۆڤ لەهەمووشتێك پرئەبێ وئەخرۆشێ ورام ئەکرێت بۆ چونە ژێر باری زۆرترین کاری خراپ، تەنانەت مرۆڤ ئەوەندە نهێنگەرایە ئەبێتە بکوژی خۆی‌وتیرۆریست بەسەر جەستەی خۆی و خۆی قەتل وئینتیحارئەکات، ئەمەش دواین پلەی مازۆشیەت وجەللادی مرۆڤ دەرئەخات کە

بەکوشتنی خۆشی چێژوئیرۆس وەرئەگرێ، داخۆ مرۆڤ کەخەسڵەتێکی نهێنی هەبێ بۆخۆکوشتن کە تەمەتوع لەخۆکوشتنی خۆی بکات، ئەبێ ئەوچێژومەتاعەچەندبێ بۆکوشتنی ئەوانی تر، هەر ئەمەشە نهێنی تەقینەوەکان و کوشتن و تیرۆرکاریەکان، بۆیە پێش ئەم قۆناغە قۆناغێکی تر هەیە کە تاك خۆی خاڵی ئەکاتەوە لە غەریزەی کوشتن، کە دەیەوێت خۆی پیشان بدات واتە خۆ پیشاندان و نیشاندان و دەرخستن و سنگ دەر پەراندن و باڵفشکردنەوەونەهێشتنی گرێکانی ناخی،کە بەعەرەبی (تظاهر، مظاهرة، ظهور)( حب الظهور) ئەم خۆدەرخستنە سروشتێکی تەواو ئاسایی مرۆڤەو رەنگە بە کپکردنەوەی کارەساتی گەورە بخوڵقێنێت، چونکە سەرکەشی وعەجولیەتی ئینسان قورئانیش ئیسباتی کردوەوئەفەرموێ (خلق الانسان عجولا) کەواتە عەجولی وسەرەرۆیی ئینسان حاڵەتێکی تەواو فیتریە، مرۆڤ ناتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێ وغەریزە شەرانی وشەهوەتە خۆکوژیەکانی بشارێتەوەو ئەم خوێندنەوەو دیدەش بۆ مرۆڤ رەهانیەوبەومانایەنیە وابزانرێت ئیتر مرۆڤەکان جڵەو گیرو رام ناکرێن بۆ ئاشتی وسەقامگیری ودۆزینەوەی رۆحی پێکەوەژیان.

بەڵام بۆ کەسانێ کە بەردەوام ئەبنە پیاوی تیرۆرو ئاژاوەو دوبەرەکی وکوشتن، مرۆڤانێکی تریش ئەبنە پیاوی عەقلانیەت ومەدەنیەت؟ ئەبێ بگەرێین بەشوێن ئەو فاکتەرانەی کەئەومرۆڤانە بەرهەمدێنن بۆ تیرۆرو ئەو ژینگەیە کەشفکەین کە کەسانێك دەخاتەوە کەبە بینینی خوێن وکوشتنی منالێك دڵخۆش وشاگەشکە ئەبن و ئەبێ لەونهێنیەش تێبگەین تەقینەوەی نێو ئاپۆرایەکی خەڵکی وپرۆسەیەکی ئینتیحاری وکەوتنی تاوەرو سومبولەکانی بازرگانی وشارستانی نیویۆرك بۆ؟ بەڵام ئەوە هەیە دەبێ کار بکرێت بەئاراستەی چاککردنی باری ژیانی مرۆڤایەتی وماف وئازادی وخۆشگوزەرانیەکانی باش بکرێت مرۆڤ  لەناعەدالەتی وپەراوێز بون قوتار بکرێت، ئەوانەی کە ئاژاوەو تیرۆر دروست دەکەن بەرەنجامی دۆخی هەژاری وبیرکردنەوەی تاریك وناهۆشیاری وبێ ئەهمیەت کردنە لەلایەن دەسەڵات و سیاسەتی گشتیەوە، مرۆڤ چەندێك بەسروشت عەجولە، ئەوا بەپەراوێزکردن و بێ مافکردنی پەتی عەسەبیەت وتورەبون ورۆحی شەرانگێزی تیا ئەوروژێ وئەبێتە پیاوی دەرەجە یەکەمی تیرۆروهەرخۆشی تیرۆر بەرهەم دێنێ بۆ ئەوەی خۆی دەربخات و لە گرێکانی ناخی قوتاری ببێت، کەواتە بائێمەش هاوولاتیانی خۆمان پشتگوێ نەخەین و رێگە نەدەین لە پەراوێزدا بیر لە کوشتنمان بکەنەوە، هەر پشتگوێ خستنێکی بێ هۆ تیرۆر و تێکدان و ئانارشیزمی بێ هۆشی بەدوادا دێت، ئەودەسەڵاتەی بەدەیان ساڵ گەڵ پشتگوێ ئەخات ئەوا گەلیش لە باریدا هەیە بە رۆژێك دەسەڵات پشتگوێ بخات و بیکاتە کەلەپور!!